بە پێی یاسای بوجەی عێراق داهاتی نەوتی بەم شێوەیە دیاری کراوە:

ڕۆژانە بڕی هەناردە ٣.٥ملیۆن بەرمیل  هەناردە بکرێت ( بە نەوتی هەرێمیشەوە) وە نرخی هەر بەرمیلێک بە ٧٠$ دیاری کراوە.
لە ساڵەکەدا کۆی داهاتی نەوت بە ٨٩ ملیار ٤٢٥ ملیۆن دۆلار وە نرخی ئاڵوگۆڕی هەردۆلارێک بەرانبەر دینار بە ١٣٠٠ دیاریکراوە.
کۆی داهاتی نەوتی بە دینار دەکاتە ١١٦ ترلیۆن و ٢٥٣ ملیار دینار و ٥٠٠ ملیۆن دینار.

- بەپێی داتاکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لەماوەی ٨ مانگی ئەمساڵدا بڕی ٦١ ملیار و ٦١٣ ملیۆن دۆلار کە دەکاتە  ٨٠ ترلیۆن و ٩٦ ملیار دینار داهاتی نەوتی فرۆشراو بووە کە دەکاتە ڕێژەی ٦٩٪ی داهاتی چاوەڕوانکراو بەپێی بوجە بۆ ئەم ماوەیە.
- بەهۆی بەرزی نرخەوە تائێستا بڕی ٢ ترلیۆن و ٧٠١ ملیار دینار، کە دەکاتە ٣.٥٪ زیادە لەکۆی چاوەڕوانکراو بۆ ئەم ماوەیە لە بوجەدا. ئەمە لەکاتێکدایە ماوەی زیاد لە ٥ مانگە هەناردەی نەوتی هەرێم وەستاوە.

داهاتی نەوتی عێراق لە ٨ مانگی ساڵی ٢٠٢٣ دا  بە پێی داتاکانی وەزارەتی نەوت

| مانگەکانی ٢٠٢٣ | هەناردە مانگانە بەرمیل | هەناردە رۆژانە بەرمیل | نرخی بەرمیلێک نەوت/ $ | کۆی داهات فیعلی- $ | داهات بەپێی بوجە ٣,٥ ملیۆن بەرمیل  رۆژانە/٧٠$ | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کانوونی دووەم | 101,245,095 | 3,265,971 | 75.695 | 7,663,788,729 | 7,595,000,000 | 68,788,729 |
| شوبات | 92,255,610 | 3,294,843 | 76.556 | 7,062,704,897 | 6,860,000,000 | 202,704,897 |
| ئازار | 100,913,027 | 3,255,259 | 74.385 | 7,506,401,191 | 7,595,000,000 | -88,598,809 |
| نیسان | 98,634,947 | 3,287,832 | 78.058 | 7,699,272,210 | 7,350,000,000 | 349,272,210 |
| ئایار | 102,463,387 | 3,415,446 | 71.485 | 7,324,641,424 | 7,595,000,000 | -270,358,576 |
| حوزەیران | 100,059,052 | 3,335,302 | 71.755 | 7,179,760,852 | 7,350,000,000 | -170,239,148 |
| تەمووز | 106,755,169 | 3,443,715 | 78.033 | 8,330,475,491 | 7,595,000,000 | 735,475,491 |
| ئاب* | 106,122,874 | 3,423,319 | 83.356 | 8,845,978,285 | 7,595,000,000 | 1,250,978,285 |
| **کۆ** | **808,449,161** | **3,326,951** | **76.211** | **61,613,023,079** | **59,535,000,000** | **$ 2,078,023,079** |
| **کۆی داهات بەدینار** | | | | **80,096,930,002,562** | 77,395,500,000,000 | ID- 2,701,430,002,562 |

تێبینی: ١-لەم ماوەیەدا داهاتی نەوت بڕی ٢,٠٧ ملیار دۆلار سەر ڕێژی هەبووە لەوەی کە لە بووجەدا دیاری کراوە  کە دەکاتە ٢,٧ ترلیۆن دینار.
٢- داهاتی مانگی ئاب کۆتایی نییە ئەگەری زیادکردنی هەیە

## بەراوردی داهاتی نەوت

